# شۆڕشگێڕ و فیتنه گێڕ!!

نوری بێخاڵی

"ئێوه دەستێك له پشتتانەوەیه و تێکدەرن..ئێوه ئاژاوەگێڕ و پیاوی بێگانەن..ئێوه که حەرفێك له مێژووی دڕندەیی بەعس نازان چاوتان به دیموکراسییەتی ئێمه هەڵنایەت......"، ئەمانه و هەزاران ناو و ناتۆره و بەیت و بالۆرەی تر، قسەی سەرزاری دەسەڵاتی کوردیین، لەبەرامبەر خۆنیشاندان و تورەیی چین و توێژەکانی کوردستان، که تەنها داواکاریان لەو دەسەڵاته سوپەر مەدەنی و دیموکراسییه، دابینکردنی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و یەکسانی بەردەمی یاسا و وەك یەکییه له رەخساندنی بوار و دەرفەتی کار و ژیان بۆ هەمووان به گوێرەی بەهرە و توانا و شارەزایی، هاوکات مسۆگەرکردنی هاوشێوه ژیانی کوڕانی بەرپرس و خواپێداوه بۆ گەنجانی ئەم نیشتمانه، کەچی لەولا بابایەکی بەرپرس دێت و تەنزیر دەکات گوایه "له هەموو دونیا وایه، ژیان و گوزەرانی منداڵی بەرپرسان له منداڵی خەڵکی ئاسایی خۆشتره".

جاران، که ئێستاش شاباشی ئەو رۆژانەمان بەسەردا دەکەن، حزبی کوردی له شاخ خوا خوای بوو کەسێك له دژی رەفتاری دەزگا سەرکوتکەرەکان و هەڵسوکەوتی پیاوێکی بەعس بڕژێته سەر شەقام، ئیدی با لەسەر رۆتینێکی کار و تەنانەت چاوسووردنەوەیەکیش بووا، با ئەو کەسه تێر شەق و فەللاقەش کرابووایه، گرنگ به قەڵەمێکی پان بۆیان دەنووسی رۆڵه شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر و قارەمانانەکانی کورد دڕیان بەشەوی تاریکی بەعسدا و جوامێرانه ڕژانه سەر شۆسته و شەقامەکان، که زۆرجاری وا هەبووه رێکخستنی هیچ کامێکیان هڕی بەسەر فرەوه نەبووه لەو رووداوانەدا و لەم بارەیشەوه نموونەمان زۆر زۆرن، که ئێستا پێمانی دەفرۆشنەوه!!

زوڵم و بێدادی و نایەکسانی هەر یەك شتن و یەك دیو و مانایان هەیە، جا هەر کێ و لەهەر کوێ و بەهەر ناوێکەوه بیکا، تەنها ڕێژه و قەبارەکەی دەگۆڕێ، بەڵام کار بگاته ئەوەی لەناو خودی خۆتدا و لەلایەن ئەو دەسەڵاتەی که لەسەر خوێن و ئێسك و پروسکی تۆ کۆڵەگەکانی داڕشتووه، ستەم و بێدادیت بەرامبەر بکرێ، ئەوا ئەو ستەمه قورس و بێزراوتر دەبێت و چێژەکەی کوشندە و مەترسیدارتر دەبێت، وەك لەوەی دوژمن بەرامبەرت بیکات.

زوڵم و بێدادی هەر بەتەنها لەسێدارەدان و کوشتن و سوتاندنی ولات نییه، بەڵکو کاتێ وەك هاووڵاتییەکی ئاسایی و له سای دەسەڵاتی خۆماڵی خۆتدا مرۆڤ ئاسا نەژیت و له هەرچی خزمەتگوزاری مرۆیی هەیه بێبەش بیت و منداڵەکانت جەژنان به حەزرەت جلێکی جوان و پێڵاوێکی نوێی بێ پینه بن و له قرچەی گەرمای هاویندا بۆ چۆڕێ بەفراو نوزەیان بێت و لەو شەوه بێ کارەبا

تاریك و ئەنگوستەچاوە پڕ مێش و مەگەز و پێشوولانەدا تروسکایی چرایەك و هەوای شلتێنی پانکەیەك (نەك سارنجی سپلیت) شك نەبەن..کاتێك مووچەی پێشمەرگەیەکی ئەیلول (250)دیناری سویسری و لەبەرامبەریشدا مووچەی پەرلەمانتێر و وەزیرێکی کورد، بەقەد یارمەتی هەموو پێشمەرگەی سەردەمی شۆڕشی ئەیلول بێت..ئەو دەمەی کوڕی شەهیدێك دەبێتە بۆیاخچی و سەرۆك جاشێك دەبێتە پەرلەمانتێر و پێشمەرگەیەکی دێرین لە بازاڕ عارەبانە رادەکێشیٚ و پیاوێکی (عودەی) دەبێتە وەزیر..ئەو ساتانەی پاشماوەکانی ئەنفال لە دەڤەرەکانی (گەرمیان و بادینان و بارزان) زستان و هاوین لە ژێر بنمیچێکی چینکۆی بەقوڕ داپۆشراو ژیان دەگوزەرێنن و کوڕێکی دڵسۆزی بەعسیش رۆژانە دەعوەتی سفرەی بەرپرسانە و خانوو و ئاو و کارەبای بە تەجاوز بۆ دابین دەکریٚ.. ئەو حەلەی کوڕە هەژارێك، کە بەدەم کرێکاری و خوێندنەوە نمرەیەکی بەرز دێنێت و لە پەیمانگا ناوی دەگەڕێتەوە و کوڕی بەرپرسێکیش بە پەنجا، یەکڕاست دەچێتە کۆلیژەکانی یاسا و پزیشکی و ئەندازیاری، یان بۆ چاوبەستەکی سەرەتا لە پەیمانگاو دوای پێنج و دوو رۆژێك و بە کون فەیەکونێك باز دەداتە کۆلیژێکی بەرز، ئەوانە چین و چۆن پێناسە دەکرێن، جگە لە ستەم و بێدادی و نایەکسانی و نا دیموکراسییەت و نەبوونی یاسا؟!

سەیرە کاتیٚ خەڵکی کوردستانیش و بەتایبەتی گەنجان بۆ قووتی ژیان و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و لەبەرامبەر ئەو هەموو بێدادییە دەڕژێنە سەر شەقام، لەلایەك ئاسایش و هێزی ئامادە بە کوتەك و گوللە بۆیان ئامادەن، تا لەبری بەرپرسان پەیامی دیموکراسی و کرانەوە و مەدەنییەتیان پیٚ رابگەیەنن، لەولاش بەرپرسان لەبەردەمی مایکی تیڤی و رادیۆ و سەر لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکان ئەو خەڵکە بە فیتنەگێڕ و ئاژاوەگێڕ ناو دەبەن و بەو بیانووانە پاساوی رەفتاری نا شارستانی و نا دیموکراسی یاساوڵەکانیان دەدەنەوە، مرۆڤ دەکەوێتە گومان و دەپرسیٚ: ئاخۆ بەڕاست ئەوانە فیتنەگێڕن؟ ئەگەر ئەو خەڵکە تێکدەر و ئاژاوەگێڕ بن، ئەی ئەوانەی دوێنیٚ ناو بنێین چی، کە دوێنێمان پیٚ دەفرۆشنەوە (ئەو پرسیارە دوور لە بەراورد کردنی بەعس و دەسەڵاتی کوردی، چونکە قەت ئەو دوو دەسەڵاتە ناچنە تای تەرازوویەك)؟ ئیٚ خۆ ئەوانیش لەسەر مافی خۆیان دەڕژانە سەر شەقام و زۆرجاریش بینیمانن چۆن دارو پەردووی دەزگا و دامەزراوەکانیان ورد و خاش دەکرد، سەروەختی راپەڕین هەر لەولاوە بوەستیٚ؟

لێرەوە بەرپرسان دەڵێم بەڕێزان ببوورن، ئەوانە ئاژاوەگێڕ و فیتنەگێڕ نین، نە تێکدەرن و نە دەستی کەسیان لە پشتە، بەڵکو ناهوشیارییان لە پشتە، ناهوشیاری بە شێوە خەباتی مەدەنی و دیموکراسی، ناهوشیاری بەوەی دەزگاکان موڵکی ئێمەن و سوتاندن و تێکدانیان تاوانە، دەستی بیٚ پلانی و هەڵچوون لە پشتیانەوەیە، دەستی کۆنترۆڵ نەکردنی هەڵچوون و کەفوکوڵ و تووڕەیی، دەستی بێزاری لەوەی کەس لەم نیشتمانە بە خەمخۆری کێشە و داخوازییەکانیان نابینن،کە هێزەکانی ئێوەش بەو هەموو گیانی رق و تووڕەیی و نا هوشیاری دیموکراسییەوە دێن و کاتێکیش

ئێوه بەو غرور و لە خۆبایی بوونەتان لە بورجی عاج نایەنە خوار و گوێ بۆ خواستەکانیان شل ناکەن و بەڵێنەکانتان ناگەیەننە جێ و لەوەش وێرانتر پاساوی رەفتارە دژە دیموکراسییەکانی یاساوڵەکانتان دەدەنەوە، ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە دەیبینن، بێگومانیش بن ئەو ناڕەزایەتی و خۆ پیشاندانانەش نە یەکەم جارن و نە دوا جاریش دەبن، باشتریش وایە بۆ پاراستنی سومعەی سیاسیتان و بۆ سەلماندنی راستگۆییتان لەبەرامبەر هوتافکێشانی بەردەوامتان بۆ ئازادی و دیموکراسی زیندانەکانتان لە رۆژنامەنووسی ئازادیخواز و گەنجە خۆپیشاندەرەکان چۆڵ بکەن و کار بکەن بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت و وڵات و خێر و بێرەکەی بۆ هەمووان بێت!!